

# کۆچی دووەمی نەسر حامد ئەبوزید

عەباس بەیزون

نامەوێ قسە لەسەر هزروبیری نەسر حامد ئەبوزەید بکەم، ئەو پیاوە کۆچی کرد و بەردەوامیش بوو لەسەر هەندێ بیرورا، کە دەیزانی هێشتا لە سەرەتایدایە و وەفدێکی رۆشنبیریی زمانزانیی ئەرکیۆلۆژیی دەوێت کە لەوانەش زۆر کەمیمان هەن، بەڵکو بەر لە هەر شتێك بە دامەزراوەیی و بە پرۆژەبوونی دەوێت.

نەسر حامد ئەبوزەید پرسەکانی دەخستە چوارچێوەی خۆیانەوە: مێژوو وەك مێژوو، زمان وەك زمان، ئاینیش وەك چالاکیەکی مرۆیی و زمان و مێژوو، لە کاتێکدا هەموو ئەمانە لە کەلتووری ئێمەدا لە سەردەمێکی نیمچە ئەفسانەییدان و لە یەك چیرۆکەوە سەریهەڵداوە کە پێمانوایە رەچەڵەکی ئێمەی تێدایە و کاتێك لێی دوور دەکەوینەوە ئیدی خۆمان لەدەست دەدەین. ئەبوزەید دەیوت دەبێ وەك مێژوو مامەڵە لەگەڵ ئایندا بکەین و وەك زمانیش لەگەڵ دەقدا. ئەمەش پرسێکە سەرەتا ئاسان دەردەکەوێت، بەڵام کۆڵێك لەمپەر و رێگریی لەپێشدایە. مێژوویەك لە سایەی دەسەڵاتێکی ئەندێشەکراوی رێکخراودا بونیادنراوە و دەقگەلێکیش دواین وکۆتا خوێندنەوەیان بۆ کراوە کە مومارەسەکردنیان




پڕە لە کەموکورتییە گەورەی زانستی و فیکری. ئەبوزەید لەم بوارەدا ئاراستەی خۆی هێنایە ئارا کە ژیانی تێدا خستە مەترسیەوە، چونکە دەیزانی ئەم پرۆژەیەی بە یەك کەس و دوان بەرقەرار نابێت و لەسایەی کەلتوورێکدا نەبێت کە بیکاتە پرۆژەی تایبەتی خۆی و نەبێتە دامەزراوە و ئاراستەیەکی مێژوویی بەهیچ ناگات.

ئەبوزەید ئەوەی دەزانی و ئیدی بەوەشەوە نەوەستا قسەی خۆی بکات، چونکە دەیزانی هێندە بەس نییە. ئەو ویستی پرۆژەکەی ببێتە بەشێکی ئۆرگانیکی لە ناخ و جەستەی کەلتووری عەرەبیدا و ببێتە کاری نەوەکانی ئەو کەلتوورە، ئەوە خواستی گەورەی ئەو بوو کە لە دامەزراندن و گەشەدان بە هزرو بیری خۆی زیاتر سەرقاڵی کردبوو. بۆیە نەسر حامد ئەبوزەید بە بیرمەندێك دادەنرێت زیاتر لەوەی بانگخواز و هاندەر بێت. بیری دەکردەوە، بەڵام هزرەکانی خۆی دەناسی و بڵاویی دەکردنەوە، بە واتایەکی تر لە پێناویاندا خەباتی دەکرد.

بێگومان نەسر حامد ئەبوزەید لەو باوەڕەدا بوو پرۆژە فیکریەکەی نەك هەر بۆ کەلتووری عەرەبی، بەڵکو بۆ هەموو کۆمەڵگەی عەرەبی پێویستە و زۆرجاریش لە گفتوگۆکانماندا پێکەوە ئەم ئامانجەی پێڕاگەیاندووم. ئەو وای دەبینیّ خوێندنەوەی ئاین وەك مێژوو و زمان چالاکیەکی مرۆیین و پێشەکی و سەرەتایەکە بۆ ئازادکردنی هزر و ناتوانین دەستبەرداری بین. پێیشیوابوو ئازادکردنی هزر تەنها بۆ هزر خۆی ناگەڕێتەوە و بە تەنیا ئەرکی ئەو نییە، بەڵکو ئەرکی سیاسەت و ئابووری و هەموو ژیانە. بە ئاسانییش پەیوەستیی نێوان گرێی ئایدیۆلۆژیا و ستەمکاریی رۆژانەی دەبینی، لە نێوان عەقڵی ئەفسانەیی و سیستمە بۆماوەییەکان و لە نێوان کۆیلایەتیی کوفرو نەهامەتیی سیاسی و ئابووریدا.

نەسر حامد ئەبوزەید پەیوەستی هەبوو بەوەی تەها حسێن لە "شیعری جاهیلی"دا دەستی پێکرد، بەڵام تەها حسێن پێشەکی خۆی جێهشت و رۆیشت و تەنها ناوی کتێبەکەی نەگۆری، بەڵکو هەموو رەوتی خۆی گۆری و بە کتێبی تر پۆزشی بۆ ئەو کتێبە نەفرەتییەی هێنایەوە، کە جارێکی تر ئەفسانەی گێڕایەوە بۆ پێشەوەی مێژوو، ئەمەش تەنها شلگیری نەبوو هێندەی ئەوەی خیانەتێکی گەورەبوو بە تەواوی مانای ئەم وشەیە. پێموایە تەها حسێن وازی لە رەخنە رادیکالیەکەی هێنا و گۆریی بە رەخنەیەکی کۆمەڵایەتی، بۆیە بە عەقڵێکی ئازاد مایەوە گەرچی دۆزی خۆی فرۆشت، بەڵام هاوکات وێڕای نەهامەتیەکانی پشتگیریی نوخبەی ئەو دەمەی میسر و چینی باڵاشی بەدەست هێنا !
ئەو هەرچەند رووبەڕووی زریانی هەڵاش بوویەوە، بەڵام دواجار حوکمی دادگا بە بێ تاوانیی سەرکەوتنێك بوو بۆی بە تەواوی مانای ئەم وشەیەوە، سەرکەوتنێك گەر بیویستایە دەیتوانی بونیادی لەسەر بنێت و بیکردایەتە هاندەری خۆی، وەلێ بەتەواوی شەکەت بوو و نەیتوانی خەباتی بۆ بکات و دەستبەرداری بوو.

دوای دەیان ساڵی درێژخایەن نەسر حامد ئەبوزەید دوچاری نەهامەتی و دەردەسەری هات و پشتگیرییەکی وەك ئەوەی تەها حسێنی لە لایەن بۆرژوازیەتێکی خوێندەوارەوە دەستەبەر نەکرد، بەڵکو بۆرژوازیەتی دەوڵەتی نەزان و چاوچنۆك جێی گرتەوە، بێ پشتگیریی نوخبەیەکی خوێندەواری بێدەسەڵاتی کرێگرتەی ئەو دەوڵەتەی رۆشنبیری و دەزگاکانی رۆشنبیریی

قۆرخ کردبوو. دوای دەیان سال لە ستەمکاری بێگومانە کە ئێستا دۆخەکە خراپترە. دادگا حوکمی سووتاندنی و لە سێدارەدانی ئەبوزەیدی دەرنەکرد، بەڵام ئەوەی کردی لەرووی هێماوە هاوشێوەی ئەو حوکمە قورس و گرانەیە، چونکە بڕیار لەوە درا کە ئاین سەرچاوەی هەموو مافە مرۆییەکان و بگرە شوناسی تەواوی مرۆڤایەتیە، بەوەش حوکمی دادگا بێبەریکردنی ئەبوزەید بوو لە هاوسەرگیری و منداڵ بوون و میراتگری و میرات مانەوە و.....هتد. تەڵاقدانی ژنەکەی لێی و دەرکردنی بۆ هۆڵەندا کورتەیەکە لەو دەردەسەریە.

ئەبوزەید ئامادە نەبوو مل بۆ دادوەر کەچ بکات کە داوای لێکرد شایەتمان بێنێت، چونکە پێیوابوو دادوەر بۆی نییە داوای لەوجۆرەی لێبکات و کەسیش بۆی نییە داوای لەوجۆرە لە کەسی تر بکات، چونکە داوای باوەرهێنان لەنێوان خودا و بەندەکانیدایە نەک لە نێوان بەندەکان خۆیاندا. لەو دادگایەشدا بە هەمان شێوەی قورتوبە ئەبوزەید ڕێگەی بە دادوەر نەدا مافێکی سادەی لێ بسەنێتەوە. نەسر حامد ئەبوزەید دەیتوانی سازش بکات هەرچەندە بیشیکردایە سەرەتا وەک سازش دەرنەدەکەوت، بەڵام ئەو لە دادوەر زیاتر دەیزانی ئەو جیاوازیە کەم نییە، بەڵکو هەموو پرسەکە لەوەدایە. کاتێك دادوەر پرسیارێکی لەوجۆرە دەکات، واتە ئیمانەکەی و هزری خۆیشی ماف خۆی نین، بەڵکو دادوەر و دەوڵەت و دەزگاکانی پێشوەخت بۆی وێنا دەکەن و بە ئارەزووی خۆیان دەستنیشانی دەکەن.

ئەبوزەید پێیوتم کە ئەو موسوڵمانە، هەرچەند جۆری موسوڵمانێتیەکەی پێ نەوتم، تەنها وتی خۆکردە موسوڵمانم. لە هەموو نووسین و هزر و بیروبۆچوون و مومارەسەکردنیاندا نموونەی ئاکاری و مرۆیی بوو. نەك تەنها لەوەشدا، بەڵکو لە ئازادیی بیرکردنەوە و مافی دارشتنی باوەرەکەی و لەوەشدا کە ببێتە سەرچاوەی خۆی و سەروەری خۆی، بە ڕۆح و جەستەش بەرگریی لە وشەکانی، لە بیروباوەڕەکانی کرد و سوار کەشتیی دەرکراوان و نەویستراوان بوو بەرەو مەنفا. بەڵام وێرای بێ پشت و پەنایی خۆی و بەهێزیی هێرشەکان بۆ سەری، خیانەتی لە ئەمانەتەکەی سەرشانی نەکرد، بە وشەیەکیش سازشی لەسەر حەق نەکرد. هەموو بوونی لە تای تەرازوودا بوو، ئازادی و مافەکانی یەکسان دەکرد، ئەوە هزر و بیری ئەو بوو کە بە ژیانی خۆ بەرگریی لێ کرد. ئێمە لەم پیاوەدا ئەم نموونەیەمان لا مەبەستە.

لە ئەڵمانیا چاوم بە نەسر حامد ئەبوزەید کەوت، لە داروڵحیکمە پێکەوە بووین، ڕۆژانێك لە هۆڵەندا و چەند ڕۆژێکیشی لەوێ بەسەر دەبرد، دوور لە ماڵ و منداڵی، بەڵام هەمیشە ڕووخۆش، سادە و ساکار، بە سۆز و بەزەیی، لێبووردە، دەستپێشخەر لە هاوڕێیەتی و تا ئەوپەڕی سنووری ڕاستگۆیی لە خاکیبووندا. ئەو پیاوەی ڕژێمی ترساند، دۆست و هاوڕێیەکی لەبەردڵانی سەفەر و غەریبیی من بوو. بە ڕۆح و جەستە داکۆکیی لە هزر و بیروبۆچوونەکانی دەکرد و لە هەڵەش بەدووری نەدەگرتن. ڕۆشنبیرێکی هاوچەرخ بوو و دوچاری تەڵزگەکانی ڕۆشنبیری هاوچەرخیش هاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بیر لەوە دەکەمەوە کە مردنی ئەو لە نەخۆشخانەیەکی میسردا، گەڕانەوەی نییە بۆ وڵات هێندەی ئەوەی کۆچی دووەمێتی.

**سەرچاوە/ ڕۆژنامەی مەنارات، ژمارە(١٨٤٣)، (١٠ ی تەمووزی ٢٠١٠).**



نەسر حامد